# پرۆژەی کەناڵی تەلەفزیۆنی فرە زمان

# ( Multi Language Channel )



**تاییەت بۆ کۆمیتەی باڵای  یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**

**ئەندازیاری تەلارسازی**

**سامان عەلی قادر**

**پلە : ڕێپێدراو**

**ژمارەی ئەندامێتی : ٦٠٨٣**

# پێشـــــــەكـــــــــی

نووسین و قسەكردن لەسەر تەلەفزیۆن و كاری تەلەفزیۆن، بەو تەمەنـە درێـژەو ئەو خێرایی پێشكەوتن و هـەنگاوە گرنگانـەی شان بـە شانی تـەكنۆلۆژیای نـوێ ناویـەتی، چـەندین تێـزو بابـەت و پـەرتووك لـە خۆدەگرێـت. لێـرەدا ئـەوەی دەمـەوێت باسـی لێـوە بكـەم، تـەنها ئاماژەیـەكی خێرایـە بـە مێـژوو و شـێوازی كاركردنی ئەو ئامێرە، بە مەبەستی زیاتر بەرچاوڕوونی پێشكەشكردن و گرنگی پرۆژەیەكی تایبەت بە كاری تەلەفزیۆنییە.

تەلەفزیۆن یەكێكە لەو ئامێرانەی، كـە بووەتـە بەشـێكی سـەرەكی كەرەسـتەو پێداویـستیی مـاڵ و لـە زۆربـەی ماڵانیـشدا زیـاتر لـە دانەیـەك بەكاردەهێنـدرێت. جگـە لـەوەی بـەهۆی تـەكنۆلۆژی نـوێ و ئـەو پێـشكەوتنانەی بـە خۆیـەوە بینیـوە ، جكـە لـە بـەكارهێنان وەك سەرچـاوەی زانیـاری و هـەواڵ و رووداوەكـان لـە رێـی كەناڵـە تەلەفزیۆنیەكانـەوە. وەك مۆنیتۆر بـۆ كۆمپیوتـەر و زیـاتر لـەو بەكارهێنانـە كلاسیكییەی جاران، بۆ ئینتـەرنێت و یاریكردنیش بەكاردێت و زیـاتر لـە پێـشتر، جگـە لـە گـەورە، بووەتـە هاورێیـەكی نـزیكتری منداڵان و كات بەسەربردن.

گرنگـی تەلـەفزیۆن و راكێـشانی بینـەر بـۆ بیـنین و بـەكارهێنانی، هێنـدە بەشـێوەیەكی بـەرفراوان پـەرەی سـەندووە، كـە لـە هـەموو چین و توێـژەكان، بـە بـێ جیـاوازی تەمـەن، رۆژانـە زۆربـەی كاتـەكانیان بـە دیـار تەلەفزیۆنـەوە بەسـەر دەبـەن، جـا چ بـە مەبەسـتی كاركردن بێت یان كات بەسەربردن یان هەردووكیان پێكەوە.

تەلەفزیۆن وەك زۆر ئامێری تەكنەلۆژی تر، بەرهەمی هزری ڕۆژئاواییـە و چـەندین سـاڵی پێـچووە تـا كـارپێكردنی گەیـشتۆتە وڵاتـانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و لەنێویـشیاندا وڵاتـە عەرەبییەكان و درەنگتریش خەڵكی كورد.

## كرۆنۆلۆژی مێژووی كاری تەلەفزیۆن:

"مێـژووی بیرۆكـەی دروسـتبوونی تەلـەفزیۆن دەگەڕێتـەوە بـۆ (١٩٢٥/٣/٢٥)،لـە لایـەن ئەندازیاری سكۆتلەندی (John Logie Baird ١٨٨٨-١٩٤٦) دامەزرا.

- ساڵی ١٩٢٧ یەكەم دیمەن لە دووری ٧٠٠كم لە لەندەنەوە بۆ گلاسكۆ پەخشكرا.
- ساڵی ١٩٢٨ بۆ یەكەم جار لەندەنەوە بۆ نیویۆرك پەخشكرا، هەمان ساڵ توانرا دیمەنـەكان بە ڕەنگاوڕەنگ پەخش بكرێن.

- (١٩٣٢)له بەریتانیا، یەکەمین پەخشی ئەزموونی لـه لایـەن (BBC) یـەوە بـە سیـستێمی "بێرت" دەستی پێکردووە و دواتر له ساڵی (١٩٣٤) به سیستێمی "ئێمیـترۆن" دەسـت بـەکار بووە.

- (١٩٣٦/١١/٢) کەناڵی (BBC) پەخشی ئاسایی خۆی به کوالیتییەکی بەرز (لەو کاتەدا) لـه "ئەلێکساندەر پـالاس – لەنـدەن" بـه هـەردوو سیـستێمی "بێـرت (٢٤٠) هێـڵ بـۆ هـەر چوارگۆشەیەك" و سیستێمی (ئێمی مارکۆنی – ٤٠٥ هێڵ) گواستۆتەوە.

- (١٩٣٧/٥/١٠)کـەناڵی (BBC) یەکـەمین پەخـشی ڕاسـتەوخۆ، لـه ڕێـورەسمی تـاج لەسـەرکردنی شـا "جۆرجـۆی شەشـەم" ئـەنجام دەدات و یەکـەمین مێـژووی پەخـشی ڕاستەوخۆ تۆمار کرد.

- (١٩٣٩/٤/٣٠) بەبۆنـەی کردنـەوەی پێـشانگای جیهـانی نیـویـۆرك، کـەناڵی (NBC) ئەمریکی، له پەخشی ئەزموونییەوە دەستی به پەخشی ئاسایی خۆی کرد.

- (١٩٤١/٧/١)کەنەڵی (NBC) یەکەمین سپۆتی ریکلامی، بۆ (کاتژمێر) پەخش کرد.

- بەهۆکاری چوونه ناو شەڕی دووەمی جیهانی وڵاتەکانیانەوە:

له (١٩٣٩/١٠/٣)کـەناڵی (BBC) و مـانگی جـەنیوەری سـاڵی (١٩٤٢)، کەناڵـەکانی ( NBCو CBS) ی ئەمریکی پەخشیان ڕاگرت.

- سـاڵی (١٩٤٧) نێـردراوی (٦٠) وڵات، بەشـداری کۆنفرانـسێکی جیهـانی پەیوەندییـه رادیۆییەکانـدا کـرد، لـه ئـەتلانتیك سـیتی و بڕیاریانـدا، سیمبۆلی (TV) بـۆ تەلـەفزیۆن (پەخشی دیمەن و جوڵه له دوورەوە)، بەکار بهێندرێت.

- سـاڵی (١٩٥٥) وڵاتـه یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا، دەسـتی بـه پەخـشی دیمەنـەکان بـه ڕەنگاوڕەنگ کرد.

- ساڵی (١٩٥٦)بۆ یەکـەمجار، یارییـەکانی حەوتهـەمین ئۆلـۆمپی زسـتانه، لـه (کۆرتینـه دێـل ئامپێتسۆ- ئیتالیا) یەکەمین پەخشی بۆ ئەوروپا دەستی پێکرد.

- ساڵی (١٩٦٢) یەکەمین پەخشی ئەزموونی جیهانی لەڕێی سەتەلایتەوە تاقی کرایەوە.

- (٢٠-١٩٦٩/٧/٢١)، (نێیـل ئارمـسترۆنگ) ئـەو پیـاوەی چـووە سـەرمانگ بـۆ مـاوەی (٢٥) کاتژمێر، پەخشی ڕاستەوخۆ بۆ هەموو جیهان پەخشکرا و له لایەن (٥٠٠) ملیـۆن کەسـەوە بینرا"[1].

---

[1] http://it.wikipedia.org/wiki/Storia_della_televisione#Cronologia کاتژمێر ١٦:١٥،ڕۆژ ٢٠١١/٣/١٣

- بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان "عێراق یەکەم دەوڵەتی عەرەبییە، کە پەخشی تەلەفزیۆنی دەست پێکردووە و لەلایەن کۆمپانییایەکی بەریتانییەوە، کە ستۆدیۆ و ئامێری پەخشی لە عێراقدا دامەزراندو بەزمانی عەرەبی دەستی بە پەخشکردن کرد. پەخشی ئەم کەناڵە سەرەتا تەنها بەغدای دەگرتەوە، دواتر پێشخراو گەیەندرایە بەسرەو موسڵ و کەرکوك و لەساڵی ١٩٧٦ دا دەستکرا بە پەخشکردنی تەلەفزیۆنی ڕەنگاو ڕەنگ"[٢].

"لە (٢-٥-١٩٥٦)دا کاتژمێر حەوتی ئێوارە (مەلیك فەیسەل) ی دووەم ئێزگەی تەلەفزیۆنی بەغدادی کردەوەو یەکەم بێژەری عەرەبی بەناوی (محمد علی کریم)ەوە دەرکەوتوەو بە" ئێرە ئێزگەی تەلەفزیۆنی بەغدایە و پەخشی خۆی لەسەر کەناڵی(٨) دەکات و یەکەم وێستگەیە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"[٣] دەستی بە پەخش کردووە. بەڵام زۆرێك لە نوسەرە میسریەکان، وڵاتی میسر بە یەکەم دەوڵەتی عەرەبی دادەنێن، کە پەخشی تەلەفزیۆنی دەست پێکردبێت.

## شێوازی کار و جۆری کارکردنی تەلەفزیۆن:

سەرەتای دەستپێکردنی تەلەفزیۆن دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو خواست و گرنگییەی کە خەڵك پێویستی پێی بووەو بۆشایی ژیانی پێپڕکراوەتەوە، هێدی هێدی لەگەڵ پێشکەوتنیدا سستەم بۆ شێوازی کارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵیدا، گۆڕانکارییان بە سەردا هاتووە.

سەرەتا بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بریتی بوون لە پێدانی زانیاری هەواڵ، گۆرانی، فیلم، فیلمی کارتۆنی بۆ منداڵان و هەموو ئەو بەرنامانەی کە وتووێژکردن بووە و زیاتریش بۆ کاتبەسەربردن بووە. تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێداویستییەکان و خواستی بینەران و بازاڕی کارکردن بەرەو کاری پیشەیی ترو تایبەتمەندیتر بچێت، بەوەی زۆرترین کەناڵی تەلەفزیۆنی بکرێنەوەو هەر کەناڵەش تایبەتمەند بێت بە بوارێك وەك: کەناڵی هەواڵ، دۆکومێنتەری، مێژوویی، فیلم، موزیك، سپۆرت، ریکلام، منداڵان .. هتد).

[٢] یونادم یوسف، التأثیرات الإعلامیة والفضاء المفتوح، مجلة کویت، مجلة شهریهة ثقافیة جامعیة، تصدرها وزارة الثقافة والاعلام، http://www.kuwaitmag.com.

[٣] هەمان سەرچاوە.

تەلەفزیۆن لەگەڵ هەبوونی ئەو تایبەتمەند بوونیەشیدا بەسەر سێ شێوەی جیاوازی کارکردندا دابەشبووە:

**- کەناڵی ئاراستەکراو:**

ئەو کەناڵانە دەگرێتەوە، کە لە لایەن حیزب یان لایەنێکی سیاسییەوە ئاراستەدەکرێت و ستراتیژییەت و سیاسەتی پەیڕەو کراوی خۆی دەگەیەنێت و سەرچاوەیەکی راستەوخۆی گەیاندنی بۆچوونەکان و ریکلامکردن دەبێت بۆ خۆی.

**- کەناڵی ئاراستە نەکراو یان (Public Media):**

ئەم شێوازەی کاری تەلەفزیۆن بریتیە، لە گەیاندنی زانیاری دوور لە ریکلام کردن بۆ هیچ لایەنێك و سەر بە پێکهاتە حکومییەکانە، کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە وەك یەك تەماشادەکات و کارو بەرنامەکانی بێجیاوازی بۆچوون و ئایین بەڕێوە دەبات و هەمووان خۆیانی تێدا دەبیننەوە. (Public Media) واتە میدیای خەڵك، ئەم شێوازەی کارکردنی تەلەفزیۆن، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە کاریپێدەکرێت.

**کەناڵی سەربەخۆ یان ئەهلی:**

دووا شێوازی کاری تەلەفزیۆنیەو جودا لە هەردوو شێوەکەی پێشتر، ئەو کەناڵانە دەگرێتەوە، کە لە لایەن کەسێك، کۆمپانیا یان چەند کەسانێکەوە دادەمەزرێندرێت و شێوازێکی ریکلامی لە خۆدەگرێت و سەرچاوەی پەیداکردنی داهات دەبێت.

## گرنگی پرۆژە:

گرنگی تەلەفزیۆن و رۆڵ و کاریگەری لە سەر ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، بە جۆرێکە، کە بە خێراییەکی چاوەڕواننەکراو پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینی. لە سستەمە سەرەتاییەکەی کارکردنیەوە (ئانالۆگ) بۆ (دیجیتاڵ) و لە ماوەی چەند ساڵێکدا بۆ سستەمی ئێچ دی (HD) و ئێستەش سستەمی (٣D). ئەم گۆڕانکارییانە لە سستەمی پەخش و کارە تەکنیکییەکان و شێوەی کاری میدیایی، بووە هۆکاری گۆڕینی خێراتری کاری تەکنیکی و درووستبوونی چەندین کۆمپانیاو گرنگی دانی زیاتری کۆمپانیا

جیهانییەكان بە بواری تەلەفزیۆن و شێوازی ستودیۆو پێشكەشكاری و هەموو بەشەكانی گرتەوە،

لە كوردستاندا و بە تایبەتی باشووری كوردستان، لە دوای راپەڕینی خەڵكی كوردستان لە ساڵی (١٩٩١)دا و كۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی رژێمی سەدام و حوكمی بەعس لە كوردستاندا، بارودۆخێك رەخسا بۆ كورد كە بیر لە دامەزراندنی تەلەفزیۆنی لۆكاڵ بكاتەوە، بە شێوازی یەكەمی كاركردنی تەلەفزیۆن (ئاراستەكراو)، چەندین كەناڵی سەر بە حیزبە كوردستانییەكان دامەزرێندران. ئەو كەناڵانە بە هۆی نەبوونی ئەزموونی پێشتر لە كاری تەلەفزیۆنیدا، هەر لە سەرەتاوە بەشێوەیەكی سەرەتایی دەستبەكاربوون، بێگوێدانە بنەما سەرەكییەكانی دەستبەكاربوونی كاری تەلەفزیۆنی، هەر لە بینای تایبەت بەو كارە تا ئامێر و پێداویستییەكانی پەخش. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە سەختە سیاسییەو ئابلوقە جیهانیەی لەسەر عێراق و لۆكاڵییەی لە سەر كوردستان هەبوو لەو كاتەدا. دیسان توانرا لە ساڵی (١٩٩٩)دا، كورد ببێتە خاوەنی یەكەمین كەناڵی ئاسمانی لە مێژووی كاری میدیای كوردیدا، لە باشووری كوردستان (كوردستان تیڤی) بوو لە هاوینەهەواری پیرمامەوە دەستی بە پەخشی بەرنامەكانی كرد، دوای ساڵێك لە سلێمانییەوە كەناڵی (كورد سات)یش دامەزرا.*

ئەمڕۆ كە تەنها كەناڵە ئاسمانییەكان زیاترن لە (٢٨) كەناڵی تەلەفزیۆنی، جگە لە دەیان و بگرە زیاتر، كەناڵی لۆكاڵ و ناوخۆیی بە زمانی كوردی بە هەموو دیالێكتەكانەوە ، لە كوردستانی عێراقدا، هەر یەكەیان بە شێوازێكی تایبەت بەخۆی كار دەكات و چەند كەناڵێك نەبێت، ئەوانەی دی تەنانەت بینای تایبەت بە كارەكانیشیان نییە.

زۆری كەناڵە كوردییەكان و گەیاندنی زانیاری و بەرنامە جۆراو جۆرەكانی ئەمڕۆ و ئەو بارودۆخەی گەلی كوردی پێدا تیپەڕ دەبێت و بە هۆی گرنگی شوێنە جوگرافیەكەیەوە، كە كوردستان كەوتۆتە نێوان میللەتانی عەرەب، تورك و فارس و ئەو كێشە سیاسیەی دابەشبوونی كوردستان ( كە لێرەدا جێگەی باسكردن لەو كێشەیە نییە)، بۆ زیاتر

---

* جێی ئاماژەیە لەسەر ئاستی كەناڵی ناوخۆیی (عێراق)، حكومەتی عێراق، لە سەرەتای حەفتاكاندا (تەلەفزیۆنی كەركوك)ی دامەزراندو سەرەتا بۆ ماوەی چەند سەعاتێك، ئێواران لە كاتژمێر شەشەوە دەستی بە پەخش بە زمانی كوردی كرد. لە سەر ئاستی كەناڵی ئاسمانیش یەكەمین كەناڵ بە زمانی كوردی كە دامەزرا (مەد تیڤی) بوو، ساڵی (١٩٩٥) لە بروكسێل- بەلجیكاوە دەستی بە پەخشی ئەزموونی كرد.

ناساندنی مێژوو، کەلتوور و کەلەپووری گەلی کورد، پێویستیمان بە کەناڵێك هەیە، ببێتە سەرچاوەی گەیاندنی دەنگی کورد و ئەو پێشکەوتنانەی بەتایبەتی لە دوای روخانی رژێمی سەدام حسێنەوە بۆی رەخساوە و بە خۆیەوە بینیوە لە هەموو بوارەکانی رۆشنبیری، کەلتووری، بیناسازی، بازرگانی، گەشتو گوزار، گەیاندن، ..هتد. بە تایبەتی ئەو سەقمگیرییەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە و لە ناوچەکانی تری عێراقدا بەدیناکرێت، بە وڵاتانی دراوسێ و هەموو جیهان بناسێنێت.
بۆیە گرنگە، کە ئەمڕۆ کورد بیر لە دامەزراندنی تەلەفزیۆنێکی پەخشی فرە زمان بکاتەوە و گرنگی پێبدات، هەر بۆ ئەو مەبەستەش، بیرۆکەی پرۆژەیەکی بیناسازی، کە بە شێوەیەکی پیشەیی کارەکانی ئەنجام بدات دەخەمە بەر دەست بەو هیوایەی ئەم بیرۆکەیە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوەو خزمەت بە میدیای کوردی و گەلی کورد بکات.

# پلانی تەلارسازی تەلەفزیۆنی فرە زمان

پرۆژەکە لەسەر رووبەرێکی (٢٤٠٠ مەتر دووجا)، دروستدەکرێت و سایت پلانی پرۆژەکە بریتی دەبێت لە: بینای تەلەفزیۆن، پارکی ئۆتۆمۆبێل، بینایەکی تایبەت کە بریتی دەبێت لە (١٠) ئەپارتمان (شوقە)، بۆ کامەند و میوانەکانی تەلەفزیۆن، سەوزایی و بەشێکیش بۆ گەشەسەندن و گەورەبوونی داهاتووی کەناڵەکە تەرخاندەکرێت.

پلان و نەخشەی تەلەفزیۆنێکی فرە زمان، تایبەت بە هەواڵ و دۆکومێنتەری بە زمانەکانی کوردی (کرمانجی ژوورین – کرمانجی ژێرین)، عەرەبی، فارسی، تورکی و ئینگلیزی، لە پرۆژەکەدا، بەشەکانی بریتی دەبن لە:

**نهۆمی ژێر زەوی (- ١)**

هۆبەی کارەبا، بریتیە لە سەنتڕالی کارەبا و میکانیکی هەموو بەشەکانی تەلەفزیۆن - سەنتڕالی UPS – ئەمبار - تانکی ئاو - WC.

**نهۆمی ئەرزی (٠)**

سالۆنی هاتنە ژوورەوە، کراوە دەبێت و شوێنی تایبەتی دانیشتنی میوان، کافتێریاو شوێنی تایبەت بۆ میوان - پرسگە - (٢) ئەسانسۆر (مصعد) - (٢) ستۆدیۆ - (٢) کۆنترۆلی ستۆدیۆ - سالۆنی (MacUp) ژووری تایبەت بە کارمەندانی ستۆدیۆ - ژووری تایبەت بە کارمەندانی تەکنیك – سالۆنی کۆبوونەوە – (٤) دیپارتمێنت کە پێداویستییەکانی خۆئامادەکردنی پێشکەشکاران و میوان لە خۆبگرێت – سالۆنی دروستکردنی دیکۆر – ژووری کارمەندانی کارەبایی (صیانە) - ئەمباری ڕووناکی – ئەمباری دەنگ - ( Car room) دەزگاو ئامێرەکان - (Ingest) وەرگرتنی کاسێت، FTP و ئاژانسەکان - پەخش و تەنسیق – بەداله - گرافیك – ئەرشیف - ئای تی - ناوەندی هەواڵ: سەرنووسەر، ژووری کۆبوونەوە - (٣) ژووری مۆنتاژی سەرەکی و سالۆنێك بۆ ئامادەکردن و وەرگرتنی هەواڵ – چەندین WC .

هەر زمانەو بەشێکی کارکردنی سەربەخۆی خۆی دەبێت، کە بریتی دەبێت لە (٢) ژووری دۆبلاژی دەنگی و تاقمی مۆنتاژ و سالۆنی وەرگێڕان و ژووری سەرپەرشتیاری بەش، بۆ هەر یەك لە زمانی کوردی (کرمانجی ژوورین – کرمانجی ژێرین)، عەرەبی، فارسی، تورکی و ئینگلیزی – (٢) بەشی تایبەت بەهەمان شێوەی زمانەکان بۆ کارکردن (ئەم دوو بەشە

وەك یەدەك یان بۆ بەكرێدان بەو كەناڵە ناوخۆیی و بیانییانەی بۆ كاتێكی دیاری كراو كاریان ئەنجام بدەن.

**نهۆمی یەكەم (+١)**

- بەشی دۆكومێنتەری: (٤) ژووری مۆنتاژ و دۆبلاژ، ژووری سەرپەرشتیار و ئامادەكاری دۆكومێنتەری – بەشێكی كراوە بۆ دانیشتن و ریلاكس – كافتێریا و شوێنی دانیشتن بۆ كارمەندان.

كارگێڕی و دارایی: كە هەموو بەشەكانی بەڕێوەبەرایەتی، دارایی، پرسگە، لۆجستیك و پەیوەندییەكان لە خۆ دەگرێت - ماركتینگ - (١) ریستۆرانت - (١) كافتێریا - چەندین WC- شوێنی حەوانەوەی كارمەندانی بەشەكان و ریلاكس - شوێنی تایبەت بە جگەرەكێشان، پرسگەو پێشوازی لە خۆ دەگرێت.

لە داهاتوو گەورەبوونی كەناڵەكەدا، نهۆمی دووەم (+٢) تەرخاندەكرێت بۆ درووستكردنی ستودیۆی زیاتر.

## شێوازی كاركردن:

كەناڵەكە بە تازەترین سستەمی كاری تەلەفزیۆنی دەبێت، هەموو ئەو هەواڵ و دۆكومەنتەرییانەی وەردەگیرێن لە ڕێی پەیامنێر، ئاژانسەكان، سەرچاوەكانی هەواڵ و كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنان و كارمەندانی خودی كەناڵەكەوە دێن ، دەبرێنە بەشی (Ingest)، تا كاپچەر بكرێن و لەڕێی تۆڕی ناوەندییەوە (شەبەكە)، بنێردرێن بۆ بەشی سەرەكی ئامادەكردنی هەواڵ و بەشی دۆكومێنتەری. دوای داڕشتن و ئامادەكاری ، بەشی مۆنتاژی سەرەكی ئامادەیی دیمەن دەكات. بە هەمان شێوە دەنێردرێن بۆ هەموو بەشەكان (زمانەكان) تا وەرگێڕانیان بۆ بكرێت و دۆبلاژی دەنگی لەسەر دیمەنەكان بكرێت و بنێردرێن بۆ پەخش.

ئەوەی پێشبینی دەكرێت بۆ شێوازی كاركردن، بە كەمترین كارمەند (بە لەبەرچاوگرتنی كەناڵەكانی تر) بەڕێوە دەبرێت.





